# تەوژمی ئایندەگەری ..

دکتۆر: مەحمود ئەلعەباسی
وەرگێڕانی: یاسین عومەر

لەجەرگەی ڕووداوو ململانێی ڕەوتو ڕەوەندو تەوژمە دژ بەیەکەکان، لەبەرایی گەشەو هەڵدانی بیرۆکە سیاسیو ئابوریو فەرهەنگییەکانو، کێشمەکێشو کێبڕکێی قوتابخانە فکریو کودەتاو یاخی بوونو سەرکێشییەکانو، لەچرکەساتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەباروودۆخێکی سیخناخ بەگیروگرفتو سەرلێشێواوییدا، لەهەناوی دۆخێکی ئابووری خراپو داتەپیودا، ساڵی "١٩٠٩" لەئیتالیا لەکەشێکی خنکێنەردا بزاڤی "ئایندەگەری" وەکو ئاڕاستەیەکی دیارو توندڕەو، وەکو هێزێکی شۆڕشگێڕو تەوژمێکی کاریگەر لەنێو ئەو لاوانەدا کەبەسەر ڕەوشی خراپی ژیانیانو هەموو ئەو ڕایەڵە کۆنو ڕزیوانەی کەهەردەم ڕابردووی لێدەکردنە خواوەندێکی پەرستراو لەژێر دروشمی "با ڕابردوو پشتگوێ خەینو بەسەر هەنووکەشدا بازدەین، گوژم بخۆینەوەو هێرش بکەینە سەر هێماو ئاماژە کولتووریەکان، کتێبخانەکان بسوتێنینو مۆزەخانەکان داڕوخێنین، با یاخی بینو سڵ لەمەترسییەکان نەکەینەوە، توندوتیژی بگرینەبەرو بانگەوازی شەڕ هەڵبدەین"دا، ئایندەگەری سەری هەڵداو لەدایکبوو.

پێش ئەوەی خۆمان بدەینە دەم شەپۆلەکانی ئەم ڕەوتە تیژ تێپەڕەوە، ئاماژە بەو پرسیارگەلە بێ وەڵامو بەرفراوانانە بکەین، کەخۆی لەخۆیدا مەبەستی ئەم نووسینە پێکدەهێنن، ئەو پرسیارە چارەنووسسازانەی کەهەمیشە هێمایە بۆ ڕایەڵەیەکی ڕزیو و دەستوپێی ئێمەی بە ڕابردووەوە توند شەتەک داوە، ئێمەی خاوەنی بەهاو کولتوورە بێ سودە پیرۆزەکان، ئاخۆ ئێمە لەم هاوکێشەو ڕووداوو بگرەو بەردەیەدا چ جێیەک ڕوناک دەکەینەوە؟. یان با بڵێین ڕۆشنبیری ئێمە وەکو خاوەن پەیامێکی مێژوویی چ وەڵامێکی بەو پرسو لایەنانە داوەتەوە کە ئەم بزاڤە وروژاندنوویەتی؟

سەرەتا ئەم بزاڤە لەنێو لاوانی ئیتالیادا بڵاوبووەوەو گەشەیکرد، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە لاوان چاوقایمو ئازاو چالاکو ئامادەو بەکارترنو حساب بۆ مەترسیو هەندێ شتی لاوەکی ناکەنو بەوپەڕی تامەزرۆییو کەفو کوڵەوە هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان دەدەن، ئەمانە پێیانوابوو کە باشترین تەمەنی مرۆڤ بتوانێت بیروباوەڕەکانی خۆی تیادا بەرجەستە بکات تەمەنی خوار "چل" ساڵییەو دوای ئەوە ئیدی مرۆڤ دەبێتە بونەوەرێکی کەمتەرخەمو ناچالاک، هەر لەبەرئەوەشبوو زۆرێک لە لاوان دلگەرمی گرتنیو بەلێشاوو بەوپەڕی هێزەوە بۆ بڵاوکردنەوەی تێڕوانینو بۆچوونەکانیانو بەدیهێنانی ئامانجو باوەڕیان پەنایان بۆ شێوازە تایبەتەکانی خۆیان؛ لەسەر شەقامو لەنێو پارکو شانۆو گۆڕەپانە گشتییەکاندا بردو کەوتنە بانگەشکردن بۆ بۆچوونەکانیان.

کاریگەری ئەم بزاڤە بۆ زۆربەی ئەوروپا درێژ بووەوەو هزرو مێشکی لاوانی گۆشەکانی تری ئەوروپای داگیر کرد، بەتایبەتی لاوانی فەرەنساو ئەڵمانیاو هۆڵەندەو بەلجیکاو ڕوسیا.

ئەم بزاوتە توانی لەماوەیەکی کەمدا باڵ بکێشێو ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان داگیر بکات، لاوانی یاخی بوو، بیروبۆچوونەکانی خۆیان بەشێوازی توندوتیژو مەترسی ئامێزو بەوپەڕی پشوودرێژییەوە بڵاودەکردەوە، باری گەندەڵی ئابووریو کۆمەڵایەتی باشترین هۆکارو زەمینە خۆشکەربوون بۆ

بڵاوبوونەوەو بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕەوتە لەلایەن چینە دەستەنگو زەحمەتکێشەکانەوە، بەتایبەتی لەلایەن چینی کرێکارەوە، کە بەوپەڕی فراوانیو دڵگەرمییەوە پێشوازی لێکرد.

ئەمە جگە لەوەی لەلایەن زۆرێک لە شاعیرانو هونەرمەندە شێوەکارو مۆسیقییەکانەوە پاڵپشتی لێکرا، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم بزاوتە نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە قووڵایی ناخی جەماوەر، زۆر کەس هۆکاری سەرەکی ئەم کۆمەڵایەتی نەبوونەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ ناواقیعیەتی ڕەوتەکە، هەندێکی تریش هۆکارەکە دەگێڕنەوە بۆ بەرتەسکیی ئاسۆی فکری بزاڤەکە. بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیش لەئیتالیا لەلایەن فاشستەکانەوە بزاڤەکەی زۆرتر ڕووبەڕووی قەیرانو ئاستەنگی کردەوە، بەجۆرێک کە سەرئەنجام کردیە دوو بەشەوە، کە بە دوو ئاڕاستەی جیاواز کاریان دەکردو ناکۆکیو دژایەتیی قووڵ سەریهەڵداو تا دەهاتیش قووڵتر دەبووەوە، بەشێوەیەک ئاڕاستەی یەکەمیان تادەهات بەرەو دەمارگیریو شۆڤێنیزمی ڕاست هەنگاوی دەنا، ئاراستەکەی تریش بەرەو چەپو مارکسیزم قووڵ ڕۆدەچوو، سەرئەنجامیش سەرکەوتن لەچارەی هیچ کامێکیان نەنووسراو، هەردوو لایان بەرەو هەڵدێری بیرچوونەوەو بچووکبوونەوە گلێربوونەوەو ڕۆیشتن، ئەوە نەبێت کەجارجارە چەند کارو بەرهەمێکیان لەم گۆشەو ئەو کەناری شەقامو گۆڕەپانەکاندا نمایشدەکرد.

پێش ئەوەی دەقی بەرنامەی کاری ئەم بزاوتە بخەینە بەرچاو، باشتر وایە لە ئاست ڕابەرە ناسراوو سەرشوناسەکانی ئەم بزوتنەوەیەدا هەڵوەستەیەک بکەینو تۆزێک بەمێژووی ژیانی دیارترینیاندا شۆڕببینەوە.

مارینێتی، کەناوی تەواوی "فیلیپ تۆماس مارینێتی"یەو ساڵی ١٨٧٦ لەمیسر لەدایکبووە، بەڕەگەز ئیتالی بووە بەڵام عەرەبی بەباشی زانیوەو لە "١٧" ساڵیدا میسر جێدێڵیو دەچێتە پاریس، لەوێش تا ساڵی ١٨٩٦ واتە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەزانکۆی سۆربۆن ئەدەب دەخوێنێت.

مارینێتی، جگە لەعەرەبیو ئیتالی فەرەنسیشی بەباشی زانیوە، هەرچەندە مارینێتی شاعیرو ئەدیب بوو، بەڵام کەسایەتییەکی زۆر دیبلۆماسیو کۆمەڵایەتیش بوو، ئەو ماوەیەی لەپاریس مایەوە توانی پەیوەندیی دۆستایەتیو ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر لە ڕۆشنبیرانو نووسەرانو بیرمەندانی فەرەنسادا دامەزرێنێ، بەرهەمەکانیانی دەخوێندەوەو بیروبۆچوونی خۆیشی لەڕێی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوێوە دەخستەڕوو، هەر لە پاریس چەندەها چالاکی ڕۆشنبیری سازدا. زۆری نەخایاند پاریسی جێهێشتو بەرەو ئیتالیا گەڕایەوە، زۆربەی تەمەنی لەشاری میلانۆ بەسەربرد، ئەو شارەی کە تاڕادەی شەیدابوون پێیەوە پەیوەست بوو بوو.

زۆرێک لە ڕەخنەگرەکان کە باسی مارینێتی دەکەن، وێڕای جیاوازی بیروڕایان لە ئاست بەرهەمە هەمەچەشنە ئەدەبییەکانی، بەڵام لەسەر هەندێ لایەنی کەسایەتی ئەم کابرایە هاوڕان. زۆربەیان دەڵێن مارینێتی کەسێکە ئاستی زیرەکی لەناوەڕاستدایە، بەڵام تووشی نەخۆشی خۆ بەگەورەزانینو لوتبەرزی بووە، زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکات، بەتایبەتی لەبەردەم ژناندا زۆر شانازی بەسەرکەوتنەکانی خۆیەوە دەکات، ڕەخنەگرێکیتر دەڵێت: "مارینێتی هەموو کاتێ هەستی بەوە دەکرد کە لەهەموو کەسێ بلیمەتترە، بەتایبەتی ئەوکاتەی سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبوو زۆر بەخۆی سەرسامبوو، ئەم لوتبەرزیو خۆبەگەورەزانینەی حاڵەتێکی لەخۆباییوونی نائاسایی بوو، وایهەستدەکرد لەهەموو کەسێ کەشخەترەو خۆراکو بەرگەکەیشی لەهەموو کەسێ چاکترە، ئەو پێیوابوو کە شاعیرێکە کەس هێندەی ئەو خاوەنی ڕەسەنایەتی نییە.

مارینێتی بەردەوام بەرگری لەو پروپاگەندە ئامانجدارانە دەکرد، کە بە شێوەیەکی توندوتیژ بانگەوازی بۆ جەنگو توندوتیژی دەکرد، لە زۆرێک لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا جەختی لەسەر

جەنگ دەکردەوەو هەمیشە وەکو ڕێگەچارەیەک لێیڕوانیوە.

هەڵسوڕاویی مارینتی دەگاتە ڕادەیەک بیر لەدەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت دەکاتەوە، ئەوەبوو ساڵی ١٩٠٥ گۆڤارێکی دامەزراند کە لەڕێیەوە تێڕوانینو بۆچوونەکانی خۆیو هاوڕێکانی بڵاودەکردەوە کە ئەوانیش هەروەکو خۆی بڕوایان بەهەمان میتۆدی هاندەرانەو هێرشبەرانەی توندوتیژئامێز هەبوو.

گەشەو هەڵدانو پەرەگرتنی زانستو پیشەسازیو تەکنەلۆژیاو ژیانی نوێ، کارێکی وایانکرد کە بیر لە وەرگێڕانی ئایدیاکەی خۆی بکاتەوە، بەڵکو لەو ڕێیەوە بتوانێت خواستو ئاواتەکانی بەدەستبهێنێتو لەڕێی بزاوتی شۆڕشگێڕانەی توندڕەوو مەترسی ئامێزەوە ڕابردوو تەفروتونا بکاتو کەلەپوور بسوتێنێتو مۆزەخانەکان بڕوخێنێتو هەنووکە بەدەست بهێنێو لاوانیش وەکو هێزێکی کاریگەرو لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، تا بتوانێت باشتر ڕێکاتو بیروباوەڕەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە.

وەکو گوتمان پوختەی بیروڕای مارینتی و ئەم ڕەوتە (ئایندەگەری) کە لە (١١) خاڵدا بەرجەستەی کردبوو لەڕۆژنامەی "لۆفیگارۆ"ی فەرەنسیدا بڵاوکردەوە کە لە ڕەواجدان بەکاری توندوتیژیو خۆخزانە باوەشی کاری پڕمەترسیو بانگەشە بۆ جەنگو ڕەتکردنەوەی واقیعو هەموو بەهاکاندا کورت دەبووەوە.

سەبارەت بەوەی کە دەقی بەیاننامەکە بۆ یەکەمجار بەزمانی فەرەنسیو لەڕۆژنامەیەکی فەرەنسیدا بڵاودەکاتەوەو بەئیتالی بڵاوی ناکاتەوە، مارینتی بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە: لەبەرئەوەی پاریس پایتەختی بیرو پێگەی کێشەکانە، پاریس باشترین هۆکارە بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانم تا لەوێوە بەهەمووان بگات).

ساڵی (١٩١٥)یش نمایشێکی گەورەو فراوانی بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی سەرجەم بیروباوەڕە تایبەتییەکانی خۆی لەمەڕ "هونەرو کۆمەڵ لە جەنگدا" سازدا، ئەویش بە نووسینی کتێبێک بەناوی "جەنگ تاکە دیاردەی ڕاستەقینەیە بۆ جیهان" کەخۆی لەخۆیدا دەریدەخات کە ئەم مرۆڤە چەندە شەیدای جەنگ بووەو چەندە حەزی لەمەترسی کردووە، خاوەنی چ سروشتێکی شەڕانگێزو توندڕەووو ویژدانمردووانە بووە، گەر بێتو مەنهەجیانە یەکەیەکەی تێڕوانینو جیهانبینیو ئامانجو شێوازەکانی کارکردنی ئەو بزاڤە شرۆڤە بکەین، پێویستمان بەچەندان وتارو نووسین دەبێت کە لە توانای وتارێکی وادا نییە، هێندە نەبێت کە خودی بەیاننامەکە باسی دەکەینو خاڵەکانی ڕیز دەکەین.

ئەمەش دەقی ئەو بەیاننامەیەیە کە مارینتی بۆ بزوتنەوەکەی نووسیو پاشتر وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزیو ئەڵمانیو ڕوسیو بەلجیکیو هۆڵەندیو چەند زمانێکی دیکە:

١- دەمانەوێت گۆرانی بە باڵای مەترسیدا بڵێینو مومارەسەی توندو تیژیو ئازایەتی بکەین.

٢- دروشمە بنەڕەتییەکانمان بریتییە لە ئازایەتیو بوێریو هەڵگەڕانەوە.

٣- تاهەنووکەش ئەدەب ستایشی وەستانو تێڕامانی کردووەو دەکات، ستایشی شەهوەتو وەنەوزو خەواڵویی دەکات، بۆیە دەمانەوێت بزاڤێکی بێدارو هێرشبەرانە بهێنینەگۆڕێو هەنگاوێکی جیاوازو بازێکی پڕمەترسیو زللەی وریاکەرەوە بهێنینەئاراوە.

٤- ئێمە بانگەوازی ئەوە دەکەین کە جیهان بەم ئاوازە ئێستاتیکییە تازەیەوە نەبێت جوانی بەخۆیەوە نابینێت، کە ئەویش ئێستاتیکی خێراییە، ئۆتۆمبیلەکانی پێشبڕکێ زۆر لە پەیکەرەکەی "ساموتراس" جوانترن.

٥- ئێمە دەمانەوێت ستایشی ئەو مرۆڤە بکەین کە فرۆکە لێدەخوڕێتو ئامانجی دەربازبوونە لەم گەردوونە، گەرچی گەردوون خۆیشی لەتەوەری مرۆڤدا خول دەخوات.

٦- پێویستە شاعیر خۆی گەرموگوڕتر بکاتو

شکۆمەندو دەست والا بێت، تاکو خواستە گەورەکانی توخمە جەوهەرییەکانی لە مشت بنێت.

٧-ئێمە لەسەر هۆشیارییەکی زیادەڕۆ بۆ زەمەن پێمان چەقاندووە، زەمەن مرد بگرە خودی دوێنێش مرد، ئێمە لە ڕەهایی تەواودا دەژین، چونکە خێرایی هەتاهەتاییمان خوڵقاند کە دەتوانێ خۆی لە هەنووکە لابدات.

٨- گەرەکمانە ستایشی جەنگ بکەین لەبەرئەوەی تاکە دیاردەیەکی ڕاستەقینەی جیهانە، ئێمە لەگەڵ قێزەونکردنی سێکسداین.

٩- دەمانەوێت ڕابردووپەرستی وەلانێینو مۆزەخانەکان بتەقێنینەوەو پەرتووکخانەکان بسووتێنین، دژی هەموو ئاراستەیەکی کۆنەپەرستی بجەنجگێنو دژی سێکس ڕاوەستینەوە.

١٠- ئێمە بانگەوازی گشت جەماوەری ڕاپەڕیوو وەخۆکەوتوو دەکەین، چ لە کاتی ئیشو چ لە کاتی ڕۆیشتنو چ لەکاتی هەڵگەڕانەوەدا، گۆرانی دەڵێینو بەیداخە ڕەنگاڵەییەکانمان لەدەستدایەو شۆڕش لەپایتەختە نوێکاندا ڕادەگەیەنین.

لەبەشێکیتری بەیاننامەکەدا دەڵێت: ئێمە ئەم بەیاننامە ئاگرییە، ئەم بەیاننامە شۆڕشگێڕانە کلپەسەندووە دەردەکەینو لەوێیەوە بانگەواز بۆ دروستبوونی "بزاوتی ئایندەگەری" دەکەین، چونکە دەمانەوێت ئیتالیا لە بلمەو قرەقرێ مامۆستاکانو ئارکیۆلۆژیستەکانو پێشەنگانی گەشتوگوزارو فرۆشیارە ئاساییەکان ڕزگار بکەین.

ئێمە گەورەترین تەمەنمان لەسی ساڵاندایە، لەبەرئەوە "١٠" ساڵی ترمان لەبەردەمدا ماوە تاکو بتوانین کارەکانی خۆمانی تیا بەئەنجامبگەیەنین، ئەوکات تەمەنمان دەبێتە "٤٠" ساڵ، زۆرێک هەن لەئێمە لاوترو بەئاگاترن، ئەوان ئێمەش وەک دەستنووسە بێ کەڵکەکان فڕێ دەدەنە تەنەکەی خۆڵەوە، ئەوان لەشوێنێکی دوورەوە دێنو کە هاتیشن لەسەر ڕیتمی شیعرەکانیان سەما دەکەن، دێنو دژایەتیمان دەکەن، بەڵام ئەوکات ئێمە لێرە نابینو ناماندۆزنەوە، دەگەڕێنو سەرئەنجام شەوێک لەشەوەکانی زستان، لەئاوایییەکی دڵگیری ژێر گیزەی فڕۆکەکاندا لەکاتێکدا بەدیار ئاگرێکی سیاچاڵەوە کز دانیشتووینو دەستمان گەرمدەکەینەوە، بە نمەنمەی باران بانگمان دەکەن. بەڵێ بەدیار ئاگرێکەوە دانیشتووین کە هەموو ئەو کتێبانەی کەهەر ئەمڕۆ چاپمان کردوونو بڵاومانکردنەوە دەماشێتەوە، پاشان لەغەمو ڕاڕاییدا بە هەناسەسوارییەوە پەل دەکوتنو دێن.

ئەوان لەئازایەتییە بەزیوەکەی ئێمە بێئومێد دەبن، پێشبڕکێ بۆ کوشتنمان دەکەن، هەتا دڵیان ببێتە دروستکەری خۆشەویستی، ئەوان کە دێن هێزو چەوسانەوەیەکی پیرۆز لەڕوناهی چاویاندا دەتەقێنەوە، چونکە هونەر جگە لەیاخی بوونو توندوتیژیو زۆرداری هیچیتر نییە.

هەڵبەتە بەیاننامەکە زۆر لەمە درێژترە کەئێمە لێرەدا تۆمارمان کردووە، بەڵام هەمووی هەر دووبارەی ئەوانەی پێشووە بە دەربڕینی جیاواز.

لەکۆتاییدا هێندە دەڵێین کە بە گەشانەوەی فاشیزمو ئەستێرەی دەسەڵاتی مۆسولۆنی ئەستێرەی بەختی مارینتیش گەشایەوەو ناوبانگی بڵاوبووەوە، سەرئەنجام ساڵی ١٩٢٩ بووە سکرتێری یەکێتی نووسەرانی فاشیستیو پاشان بووە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئیتالیا، ڕێکەوت وابوو کە دوای "٤٠" ساڵ لەدەرکردنی بەیاننامەکە مارینتیو موسولونی تەوقە بکەنو پێکەوە بە کۆتایی فاشیزم خەڵکی کۆتاییان پێبهێنن. دەتوانین بڵێین ئایندەگەری وەک بزاڤێکی هونەرییو ئەدەبیی، بریتییە لەتێڕوانینێکی سەیرو سەمەرەو بێ سەروبەرە کە لەگەڵ کەسانێکدا کە خاوەنی پەیامێکی مێژووییو مرۆییو کۆمەڵایەتین ناگونجێت، بگرە دژایەتییان دەکات.

**سەرچاوە:**

الحركة المستقبلية اتجاه غربي لا يلائمنا/
د. محمود العباسي، افاق عربيه عدد "٥" سنه ثامنه.